
# چەپکە شیعرێکی "ئیمیلی دیکێنسۆن"

وەرگێڕانی: لەیلا ساڵحی



١

بە دوور لە پەنجەی بەربەیان
بە دوور لە پەنجەی نیوەڕۆ،
خەوتوون دانیشتووانی بە تابشتی هەستانەوە
هێمن، لە هۆدە مەڕمەڕینەکانیاندا
تەختەبەندیان لە حەریر و
سەربانەکانیان لە بەردن!
هێواش پێدەکەنێ شنە لە کۆشکە هەتاوییەکەیدا
دەچرپێنێ میشەنگوین بە گوێچکەیەکی سڕبوودا
باڵندە قشتیلەکانیش ئاوازێک دەڵێن لە غەفڵەت
ئاخ.. چ حیکمەتێک ئالێرە وێران کراوە.

لە هیلالی سەروانەوە
واساڵەکان بە شکۆوە تێدەپەڕن

جیهانەکان کووڕ دەبنەوە
ئاسمانەکان مەلێ دەکەن
نیوتاجەکان بەردەبنەوە و دادوەران تەسلیم ئەبن
بێدەنگ،
هەروەکوو نوختەیەک لەسەر بەفر.

٢

دەنگی وەبارانە دەچوو، تاچەمیەوە
ئەودەم زانیم دەنگی بایە
بە کرداری تەڕی شەپۆل ڕێ دەپێوێ،
شتێکی دوور
بە کرداری ویشکی خۆڵ هەنگاو هەڵدێنێ.
هەنگامەی هاتنی سپیایەک ئەبیسرێ
ئەمەیان ئیتر باران بوو
چاڵەکانی پڕ دەکرد و ئەستێرەکانیشی لێوڕێژ
لە ڕێگە و بان کردییە هەرا
سەری لەسەر خڕودۆلان هەڵدایەوە و
سێلاوی لێ ڕەوان کردن
زەوییەکانی لێک هەڵبڕی و دەریاکانی هێنایە جۆش
ناوچەکانی دەبزوواند و
پاشانیش وەکوو ئیلیا
لەسەر چەرخی هەور سوار بوو
دوورکەوتەوە..



٣

ئەگەر مردم
سووڕە قورینگەکان کە هاتن

بەیادی من لە تێک نانیان پێ ببەخشە
بە وان،
کە وا بۆینباخی سووریان بەستووە
ئەگەر نەکرا سووپاستکەم
چونکە خەوم لێکەوتووە
بزانە ئەوە هەوڵ ئەدەم
بەو لێوانەی کە بوونە بەرد.

٤

من لە بۆ جوانی مردم و چەندە شاز بووم
کاتێک لەناو گۆڕیان خستم
کەسێک کە بۆ ڕاستەقینە گیانی دابوو
لە هۆدەی ئەو لاوە ڕاکشا
پرسی: بۆ جوانەمەرگ بووی
وتم بۆ جوانی
وتی من بۆ ڕاستەقینە، ئەو دووانە هەر دووکیان یەکن و
ئێمەش براین.
ئەو کات وەکو ئەو خزمانەی
کە لە شەودا بەیەک ئەگەن
لەناو هۆدەکانمانەوە لەگەڵ یەک قسەمان ئەکرد
هەتا گیا لێومانی گرت و
تەواو، ناومانی داپۆشی.

٥

کاتێکم بۆ نەفرەت نەبوو
چونکە مەرگ بەربەستم بوو
تەمەنیش هێند درێژ نەبوو

**تابتوانم**
**کۆتایی بە کینە بێنم.**
**بۆ عەشقیش دەرفەتێک نەبوو**
**بەڵام لەوەی ڕا کە دەبێ هەر شتێک بکرێ؟...**
**لەلام وابوو**
**کەڕەنجی بچووکی عەشقێک**
**بۆ من بەسە.**

**٦**

**ئەی ساتەکەی پڕ لەشکۆ**
**هێدی بەوە**
**هەتاکو تێر تەماشات کەم.**
**ئێستا کە پاراویم دیوە**
**بێ تاقەتم بۆ تینوێتی.**
**ئەم بەیانە**
**ڕۆژێکی یەکجار گۆڕاوە**
**بۆ ئەو کەسەی**
**کە بەرەو سێدارەی ئەبەن**




سەرچاوە: دیکنسوکن امیلی، خاموشی
نقطه ها، ترجمه سعید سعیدپور،
تهران: مروارید، 1379